# پردی دەلال لە زاخۆ

لە ناو شارە جوانەکانی کوردستاندا، شارێک هەیە بە ناوی زاخۆ، کە پەنجا کیلۆمەتر لە دهۆکەوە دوورە.

زاخۆ شارێکی زۆر کۆنە، کەوتۆتە ناو دۆڵێکی بچووکەوە لە کەنار ڕووباری خاپووردا، لە هەر چوارلایەوە کۆشک و خانووی جوان درووست کراوە. دیمەنی ڕووبار و خانووەکان لەگەڵ دیمەنی باخچە و چیا ڕەنگینەکان گەلێک دڵگیرن.

ئەم ڕووبارە بەم دیمەنە جوانەیەوە دەڕواتە خواری تا دەگاتە گوندی « دۆڕنەخ».




لەوێندەری تێکەڵی ڕووباری « هیزل» دەبێت و پاشان هەردووکیان لە نزیک گوندی « فیشخاپوور » لەگەڵ ڕووباری « دیجلە» دا دەبنە یەک.

زاخۆ میوەیەکی چاک و خۆشی هەیە. لە ناو جلە کوردیەکاندا ڕانک‌وچۆخەی زاخۆ کە لە خوری و مەرەز درووست دەکرێت زۆر بەناوبانگە. هەروەتر لە دەوروبەری ناوچەی زاخۆ نەوت هەیە و دەبێژن گوندی « شەرانس » کە لەوێ نزیکە ڕەژی بەردی تێدایە. شەرانس هەروەتر هاوینەهەوارێکی زۆر فێنک و خۆشە.


Copyright © Kurdi.fi

زاخۆ گەلێک شوێنەواری مێژوویی تێدایە. لە هەموویان گرینگتر «پردی دەلالە» کە لە شوێنە مێژووییەکانی کوردستانە. پردەکە لە چاخێکی زۆر کۆندا دروست کراوە و مێژووی دروستکردنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ماد و ڕۆمانیەکان.



ئەم پردە لە پێنج تاق پێکهاتووە، درێژایی ١١١ میترە و پانیەکەشی لە چوار مەتر زیاترە.

ئەم پردە نموونەی ئاشکرای شارستانیەتی ناوچە و نیشانەیەکی باشی توانایی و مەزناهی باب و باپیرە گەورەکانی ئێمەیە.

* ڕاڤە

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەلال | : جوان و خوێنشیرین، (لێرەدا ناوە بۆ پردەکە) | ڕانکوچۆخە | : شاڵوشەپک (جۆرێک جل) |
| دۆڵ | : گەلی، شیو، دەرە | لەوێندەری | : لەوێ، لە جێگەکە |
| ڕووبار | : چۆمی گەورە، چەم، شەت | گوند | : دێ، لادێ، ئاوایی |
| دیمەن | : بەرچاو، چاوەنداز | چاخ | : دەوران، زەمان، کات |
| هاوینەهەوار | : هاڤینگە، کوێستان، ئاران، قار | شارستانیەت | : پێشکەوتوویی، ژیاری |
| ناوچە | : مەڵبەند، هەرێم، وار | مەزناهی | : گەورەیی، مەزنیەتی |
| | | ڕەژی بەرد | : ڕەژووی بەرد، بەردی خەڵووز |

* پرسیار

1. شاری زاخۆ کەوتۆتە کوێی کوردستان؟

.............................................................................................


Copyright © Kurdi.fi

2. پردی دەلال لە کام شارە و لە چ دەور و چاخێکدا سازکراوە؟

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

3. بۆچی زۆرکەس لە هاویندا دەچنە ناوچەی زاخۆیە؟

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

4. لە دەوروبەری زاخۆیە چ جۆرە کانزایەک هەیە؟

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

5. چ جۆرە بەرهەمێکی ناوچەی زاخۆیە ناوبانگی دەرکردووە؟

..............................................................................................................................................

..............................................................................................................................................

---

❈ هەرکام لەم وشانەی خوارەوە بخە ناو ڕستەیەکەوە:

ئاسمان ..............................................................................................................................

کوردستان ..............................................................................................................................

ڕووبار ..............................................................................................................................

دەلال ..............................................................................................................................

مێژوو ..............................................................................................................................

دیمەن ..............................................................................................................................


Copyright © Kurdi.fi